www.kurdistannet.org
27-3-2006 21:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یاریەکانی ئەم شەو لە خولی کاسی ئەوروپا (شامپیۆن)

ئەم شەو ڕێکەوتی 28 / 3 / 2006 کەتژمێر 20، 45 بە کاتی ئەوروپا یانەی بەنفیکای پورتوگالی میواندارێتی یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی دەکات هەروەها یانەی ئەرسنا لێ ئینگلیزی میواندارێتی یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵی دەکات لە یاریگای (هاییری) لە شاری لەندەن، ڤێری یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسی کە ماوەیەك لەمەوبەر یاریزانی یانەی ئەرسناڵ بوو ئەم شەو بەرامبەر بە یانە کۆنەکەی خۆی ڕادەوەستێ لە قورسترین یاری دا بۆ دەوری چوار، وا پێشبینی دەکرێت کە بەهێزترین یاری لەم شەودا دەکرێت، ئەرسناڵ لە مێژووی ئەم خولەدا نەی توانیوە ئەم کاسە بەدەست بهێنێت، بەڵام لە خولی 16 دا توانی سەربکەوێت بەسەر یانەی ڕیاڵ مەدرید کە خاوەنی 9 نازناوی ئەم خولەیە بەڵام ڕاهێنەری ئەرسناڵ واپێشبینی دەکات کەوا ئەم یاریە بە قورسترین یاری یانەی ئەرسناڵ دادەنێت دەڵێت ئەگەر لەم قۆناغەدا سەربکەوین دەتوانین بگەینە یاری کۆتایی کە لە 17 / 5 / 2006 دەکرێت لە شاری پاریس. هەندێ لەیاریزانانی هەردوو تیپ یاری ناکەن بەهۆی ئازاردانی قاچیانەوە. ڕاهێنەری بەرشەلۆنە دەڵێت ئەگەر ئەم یاریە بەرامبەر دەربچین کەواتە یاری دووەم لە بەرژەوەندی یانەکەمانە چونکە یانەی بەنفیکا یەکێکە لە یانە بەهێزەکانی ئەوروپا و شێوازی یاریکردنی هەردوو یانە دەرچووی یەك قوتابخانەی تۆپی پێین لە ئەوروپادا بۆیە ئەم یاریە گرنگیەکی تایبەتی هەیە بە نیسبەت یانەی بەرشەلۆنە




ئامادەکردنی ئەنوەر خەراجیانی پەیامنێری کوردستان نێت









